KCCRC

Islamic Studies

# پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك
# لای رێكخراوە توندڕەوەكان



زنجیره بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٧

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك لای ڕێکخراوە توندڕەوەکان

بەختیار ئەحمەد سالْح

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٧

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك لای ڕێكخراوە توندڕەوەكان

بەختیار ئەحمەد ساڵح

## پێشەكی

شۆردنەوەی مێشک بە یەکێک لەو پرسانە ئەژمار ئەکرێت کە لێکدانەوەی زۆری لەبارەوە کراوە، بە خەرمانەیەک لە نهێنی و پەنهانکاری دەوردراوە، بەو پێیەی کە لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتە سنەمکارەکان و پارت و ڕێکخراوە توندڕەوەکان بەکاری دەهێنن بۆ گۆڕین و ئاراستەکردنی بیر و تێکشکاندنی ویست و دواجار سڕینەوە و شۆردنەوەی مێشک و جێگیرکردنی بیر و باوەڕێکی نوێی جیاواز و دژ لەگەڵ بیروباوەڕە کۆنەکاندا.

لەگەڵ گەشەسەندنی بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، پروپاگەندە، پەروەردە، ئابووری و بوارگەلێکی دیکەی پەیوەست بەکارکردنی ئەندامەکانی جەستە، بواری شۆردنەوەی مێشکیش ڕووی لە بەرفراوانبوون کردووە، کە لە پرۆسەیەکی تایبەت و لە هەلومەرجێکی گونجاودا لە لایەن دەسەڵات یان گرووپ و ڕێکخراوەوە ئەنجام دەدرێت.

لە ئێستا و لە ڕێگەی بەکارهێنانی یاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی ڕۆژانە و لە لایەن نێوەندگەلێکی دیکە و لەناو ماڵەکاندا ئەنجام ئەدرێت بەبێ ئەوەی کەسەکە لە ژینگە سروشتییەکەی دابڕێنرێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئیدی شتێک نەماوە بە ناوی ویستی ئازاد و کەسەکان بەبێ ئەوە بە ئاگان بن، لە بری کەسانی دیکە قسەدەکەن و بڕیاردەدەن و تەنانەت دەشجەنگن و پێشیانوایە ئەو بیرۆکانەی کە دەریدەبڕن و ئەو هەڵوێستانەی دەینوێنن، تایبەتە بە خۆیان نەوەک کەسێکی دیکە(١).

پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک، پرۆسەیەکە کە پێشوەختە کاری لەسەر دەکرێت و پلانی بۆ دادەنرێت لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەو بوارەدا، بە تایبەت کەسانی پسپۆڕ لە بواری دەروونزانی و کۆمەڵناسی و فسیۆلۆجیادا. ئامانج لە پرۆسەکە گەیاندنی کەسی بەئامانجگیراوە بە ئاستێک کە تیایدا ویستی خۆی لەدەست بدات و مێشکی ئامادەیی ئەوەی تێدابێت کە بیرۆکەی نوێی تێدا بچێنرێت، دوای دەرکەوتنی ئامادەیی کەسەکە بۆ دەستبەرداربوونی بیرکردنەوەی پێشووتر و سڕینەوەی بیرۆکە کۆنەکان. بە کورتییەکەی ئەو پرۆسەیە بریتییە لە شەکەتکردنی جەستە و دەروونی کەسەکە بە ئاستێک کە ئیدی ئامادەیی ئەوەی تێدابێت دەست لە هەر شتێک گیر بکات تەنها بۆ ئەوەی لەو حاڵەتەی تیایدایە ڕزگاری ببێت.

### مێژووی پرۆسەكانی شۆردنەوەی مێشك

مرۆڤ لە کۆنترین چاخەکانەوە بە شۆردنەوەی مێشک ئاشنابووە، بە تایبەت لە بواری لێپێچینەوە و دەرهێنانی زانیاری لە دیل و گیراوەکانی دوژمن. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، پرۆسەکانی شۆردنەوەی مێشک بەشێوەیەکی خۆبەخۆ ئەنجام دەدرا لە ڕێگەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرایە بەر لەو کۆمەڵگایانەدا، تاک ناچار دەکرا پابەند بێت با یاسا توندەکانی کۆمەڵگاوە بەشێوەیەک کە ڕێگری دەکرا لەوەی ئازادانە بیر بکاتەوە یاخود توانای هەڵبژاردنی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو کارەش ڕوو بدات، کەسەکە هەر لە منداڵییەوە بە شێوەی جیاواز ڕام دەکرا(٢). لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە شارەزایان لەم بوارەدا پێیان وایە کە ئەم پرۆسەیە لە کۆنەوە بەکارهاتووە،

بەڵام بنەما زانستییەکان تەنها لە سییەکانی سەدەی بیستنەمەوە سەریهەڵدا کاتێک کە پاڤلۆڤ سەرەتا لەو بارەوە چەند تاقیکردنەوەیەکی لەسەر ئاژەڵ ئەنجامدا. دواتر لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠-١٩٥٣ لەلایەن چینی و کۆرییەکانەوە بەکارهێنرا دژ بە سەرباز و دیلەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لە دەرەنجامی پرۆسەکە زۆرێک لە زیندانییەکان دانیان بە ئەنجامدانی چەند تاوانێکدا نابوو کە لە بنەمادا ئەنجامیان نەدابوو.

ئیدوارد هانتەر کە رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بوو لەو سەردەمەدا کتێبێک لەسەر کاریگەرییەکانی جەنگی کۆریا دەنوسێت و تیادا دەڵێت: دوای گەڕانەوە دیلە ئەمەریکییەکان بۆ وڵاتەکەی خۆیان، دەرکەوت کە بە شێوەیەکی دیکە بیریان دەکردەوە و باوەڕیان هێنابوو بە بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی دوژمنەکانی ئەمەریکا و پێزانینی خۆیان دەردەبڕی بۆ ئەو مامەڵە باشەی لەگەڵیان کرابوو لە زیندانەکانی کۆریادا(٣)، لەدوای ئەو رووداوەوە، پرسی شۆردنەوەی مێشک لەلایەن پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکانی سەربازی، دەروونزانی، کۆمەڵناسیی، ئەنسرۆپۆلۆجی و فسیۆلۆجیستەکان بووە جێگای بایەخ..

ئەم ڕەوشە کۆنە و پێشتر میسرییە کۆنەکان بەکاریان هێناوە و بە درێژایی مێژوو پەرەپێدراوە، بەڵام چینییە کۆمۆنیستەکان لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە بەکاریانهێناوە ئەو کاتەی کە پرۆگرامی چاکسازی بیریان پیادە کرد. چینییەکان ئەیان وت ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگەی چینی دا فێرنەبوون، بیرکردنەوەیان بۆرجوازییانەیە و پێویستە دوبارە فێربکرێنەوە بەر لەوەی جێگەی خۆیان بگرن لە ناو کۆمەڵگادا(٤).

شۆردنەوەی مێشک، ڕێککردنەوەی بیرکردنەوە یاخود دووبارە بە ئاگاهێنانەوە بە هەر هەوڵێک دەوترێت کە ئامانج لێی چاندنی بیرۆکە و شێوازێکی نوێ بێت لە ڕوانینی کەسەکەدا کە جیاواز بێت لەگەڵ بنەماکانی بیرکردنەوەی پێشووتری. شۆڕشی ڕۆشنبیری لە چین، شێوازی مامەڵکردن لەگەڵ دیلە ئەمەریکییەکان لە شەڕی کۆریا(٥) و شێوازی شۆردنەوەی مێشک لەلای ڕێکخراوە توندڕەوەکانی هاوشێوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، چەند نموونەیەکن لەو بارەوە.

پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک لەکاتی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهان و زیاتر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کەوتەبەر باسوخواس، کە مەبەست لێی ناچارکردنی کەسێک بەوەی کە کارێک پێچەوانەی ویستی خۆی ئەنجام بدات یاخود ببێتە هەڵگری بیروباوەڕێک دژ بە بیروباوەڕی پێشوتری خۆی(٦).

شۆردنەوەی مێشک وەک دیاردە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی شارستانییەت و مرۆڤ بە درێژایی مێژووی خۆی ناسیویەتی و بەکاریهێناوە، بە تایبەت لەو کاتەوەی کە شەڕ و ململانێ لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستبووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵات. بۆ یەکەمین جار چەمکی شۆردنەوەی مێشک ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بەناوی (ئیدوارد هانتەر) بەکاریهێنا

> **شۆردنەوەی مێشك وەك دیاردە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی شارستانییەت و مرۆڤ بە درێژایی مێژووی خۆی ناسیویەتی و بەكاریهێناوە**

کاتێـک کـە وشـەی «هسـی نـاو» ی چینـی وەرگێڕایـە سـەر زمانـی ئینگلیـزی. لـە ڕووی زانستیشـەوە هـەر کاتێـک کـە بـاس لـە شـۆردنەوەی مێشـک ئەکرێـت، نـاوی زانـای ڕوسـی ئیڤـان پاڤلـۆڤ دەهێنرێـت کاتێـک کـە تیـۆری پەرچەکـرداری مەرجدارانـەی دانـا و تیایـدا سـەلماندی کـە بیـری مـرۆڤ بـە هـۆی کارلێکـی کاریگەرییـە دەرەکییەکانـەوە گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت، بـە شـێوەیەک کـە کەسـەکە واهەسـت نـاکات کـە ئـەو شـێوازە بیرکردنەوەیـە دەرەنجامـی کارلێکـە دەرەکییەکانـە بەڵکـو لـە نـاخ ۆ خۆیـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. ئەمـەش لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە مـرۆڤ لـە

> **کەسی دیاریکراو باوەڕدەهێنێت بەوەی کە نەتەوە و ئایین و ڕەگەزەکەی لەبەر مەترسی سڕینەوە و لەناوچووندایە، بۆیە ناچارە کە پەنا بەرێتە بەر توندوتیژی**

بۆشاییدا نـاژی و چ بیەوێـت یاخـود نەیەوێـت، دەبێـت هەڵقـوڵاوی ژینگەیـەک بێـت.

پرۆسـەی شـۆردنەوەی مێشـک بـە چەنـد ڕەوشـێک بەکاردەهێنرێـت تـا توانـای بەرگـری کەسـەکە تێـک بشـکێنێت، سـەرەتا کەسـەکە لـە ژیانـی گشـتی دادەبڕێنرێـت لـە ڕێگـەی بەندکردنـی بەشـێوەی تاکـە کەسـی لـە شـوێنێکی تاریـک کـە نەنانـەت خۆریـش نەیگاتـێ. بـەو پێیـەش کـە مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە بێگومـان مانـەوەی زۆری بـە تەنهـا و بـێ هـاودەم لە شـوێنێکدا شـیرازەی بیرکردنـەوەی تێکدەدات. لـەو کاتانـەدا ئاگایـی کەسـەکە دەکەوێتـە بـەر لێشـاوی بیرکردنـەوەی جۆراوجـۆر و تـرس دایدەگرێـت بەتایبـەت کـە هیـچ جـۆرە هەواڵێکـی دەوروبەرەکـەی نازانێـت، بەگشـتی مانـەوەی کەسـەکە لـەو دۆخـەدا دەبێتـە هـۆی تێکشـکاندنی ویسـتی کەسـەکە.

بەتێپەڕ بوونـی کاتیـش، بێـزاری کەسـەکە زیاتـر دەبێـت و هێـدی هێـدی دەگاتـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە هێنـدە کەسـێکی کـەم بەهایـە، نەکـەس هەواڵـی دەپرسـێت، نەبەدوایـدا دەگەڕێـن و هەمـوان دەسـتبەرداری بـوون، کەسـەکە ئیـدی دەگاتـە قۆناغێـک کـە تیایـدا هەمـوو شـتەکان بـە یەکـدی یەکسـان دەبـن. لێـرەدا قۆناغـی یەکـەم کۆتایـی پێدێـت کـە برینیبـوو لـە قۆناغـی دابـڕان و بێدەنگـی کـە لـە ڕووی دەروونییـەوە کەسـەکە بـۆ شـۆردنەوەی مێشـک ئامـادە دەکات.

دیارتریـن ڕێگەیەکیـش کـە لەگـەڵ زیندانییـە سیاسـیەکاندا بـەکار دەهێنرێـت ئەوەیـە بـە زیندانییەکـە دەوترێـت ئـەو وڵاتـەی کـە ژیانـی خـۆی بـۆ خسـتۆتە مەترسـییەوە، ئەوەتـا تەنهـا هەوڵێکیـش نـادات بـۆ ئازادکردنـی، هـەر وەک ئـەوەی کـە نەبێـت، لێـرەدا زیندانییەکـە هەسـت بـە تەنهاییەکـی کوشـندە دەکات و پێیوایـە ئیـدی شـتێک نەمـاوەی کـە لـە پێناویـدا بەرگـری بـکات و دواجـار خـۆی دەدات بەدەسـتەوە. زۆرجاریـش ڕوویـداوە کـە زیندانییەکـە هەوڵیـداوە کۆتایـی بـە ژیانـی بهێنێـت کاتێـک کـە زانیویەتـی وڵاتەکـەی دەسـتبەرداری بـووە و هیـچ هەوڵێکـی نـەداوە بـۆ ڕزگارکردنـی.

یەکێکـی دیکـە لـە ڕەوشـەکان، شـکاندنی ویسـتی کەسـەکەیە لـە ڕێگـەی لاوازکردنـی جەسـتە و بێبەشـکردنی لـە خـواردن، خواردنـەوە و خەوتـن، ئامانجیـش لـە ئەشـکەنجەدانی جەسـتەیی و دەروونـی کەسـەکەیە بـە ئامانجـی تێکشـاندنی توانـای بەرگـری و ویسـتی زیندانییەکـە.

ئەڵبەتـە پرۆسـەی بێبەشـکردنەکە لـە خـوادن، خواردنـەوە و خـەو بـە بەرنامـە دەکرێـت بـۆ ئـەوەی کەسـەکە لـە ژیانـدا بمێنێـت تـا ئـەو کاتـەی کەسـەکە

دەگاتە ئەوەی کە گاڵتەی پێت بە تەواوی ئەو بنەمایانەی کە لە پێناویدا خەباتی کردووە. کاتێکیش کە شەکەتی جەستەیی و دەرونی کەسەکە دەگاتە ئاستێک کە ئیدی توانای بەرگریکردن لاواز دەبێت، زیندانییەکە دەست بۆ هەر چڵە پوشێک دەبات کە بۆی فڕێ بدرێت.

دوای ئەوە وردە وردە لێپێچینەوە و دروستکردنی گومان لەسەر بیرکردنەوەی پێشووی کەسەکە دەست پێدەکات، کە بە قۆناغی دووەمی شۆردنەوەی مێشک ئەژمار دەکرێت. پرۆسەی لێپێچینەوەش بۆ یەک جار و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ئەنجام نادرێت، بەڵکو بۆ ماوەی کورت کورت و لە کاتی دیاری نەکراودا ئەنجامدەدرێت لەگەڵ گۆڕینی جۆری مامەڵەکان لەو پەڕی نەرمییەوە بۆ ئەو پەڕی ڕەقی، لەو پەڕی ڕێز لێگرتنەوە تا ئەو پەڕی بێڕێزی بێکردن.

سەرباری شۆردنەوەی مێشکی تاکە کەسی، جۆرێکی دیکە لە شۆردنەوەی مێشکی بەکۆمەڵ هەیە کە تیایدا ئەو کەسانەی کە بە قۆناغی شۆردنەوەی مێشکدا تێپەڕیون، ئەزمونی خۆیان دەگێڕنەوە تا لەو ڕێگەیەوە کاربکەنە سەر ویستی کەسانی تر تا بەبێ ئەوەی بە قۆناغە سەختەکانی شۆردنەوەی مێشکدا تێپەڕن، خۆیان بدەن بەسنەوە و هەرچییەکیان لایە بیدرکێنن.

شرۆڤەکارە دەروونییەکان پێیانوایە کە گرنگترین ئامراز لە پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکدا وشەیە، بەو پێیەی کە وشە کاریگەرییەکی جادویی هەیە و دەتوانێت تا قوڵایی کەسی بەئامانجگیراو ڕۆبچێتە خوارەوە و پێگە لەرزۆک و لاوازەکان بدۆزێتەوە(٧).

**بەرگریکردن**

سەرباری بوونی جۆری زۆری ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەرگری پرۆسەکانی شۆردنەوەی مێشک، بەڵام توانای بەرگری کەسەکان دیاریکراوە و تا ئاستێک دەکرێت بەرگەی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بگرن، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕێنماییەک هەیە کە زیندانییەکان لەکاتی لێپێچینەوەدا دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ بەرگریکردنی دەروونی لەخۆیان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا، وەک گواستنەوەی سەرنجی کەسی بەئامانجگیراو بۆسەر شتێک بەدوور لەو کەسەی کە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات، یاخود هەوڵبدات بیر لە کێشەیەکی دیکە بکاتەوە، کاتێکیش کە پرسیاری لێدەکرێت، هەوڵبدات وەڵامەکانی چ بە نووسین یاخود زارەکی زۆر بە کورتی بێت و نەچێتە ناو وردەکارییەوە. لە لایەکی دیکەوە پێویستە زۆر بایەخ بە ئەشکەنجەدانەکانی نەدات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ورەی لەدەستنەدات و بچوکترین دەرفەت بقۆزێتەوە تا کەمێک بخەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگە بگرێت. لەو کاتانەی کە مرۆڤ بە هۆی گوشارەوە جڵەوی خۆی لەدەست دەدات، ئامادەیی بۆ چوونە ژێر باری پرسیارەکان و داننان بە شتێک بەبێ ویستی خۆی زیاتر دەبێت.

پەیام بەخۆدان یەکێکە لەو چەکانەی کە دەکرێت کەسی دیل یا بەئامانجگیراو بەکاریبهێنێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک لەسەری. ئەڵبەتە بەکارهێنانی پەیام بە گشتی بەدوو ئاراستە بەکاردەهێنرێت واتە دروستکردن و وێرانکردن، سەرباری ئەوەی کە پەیام یا ناوەکییە واتە لە ناوەوەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت یا دەرەکی واتە لە دەرەوەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ نموونە لە میدیا یا دەسەڵاتەوە.

مرۆڤ هەر لە سەرەتای بەئاگاهاتنەوەیەوە پەیامی بەکارهێناوە، ئەڵبەتە نەک بەشێوەیەکی زانستی بەڵکو بە شێوەیەکی نائاگایانە. لە ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەوکاتەی کە دەرونزانی وەک زانستێک دەردەکەوێت پەیام دەبێت بە یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکان لە شیکردنەوە و چارەسەری دەروونیدا. لەلایەکی دیکەشەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە پەیام وەک ئامرازێکی کاریگەر بەکارهێنراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ شۆردنەوەی مێشک و گۆڕینی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان.

## ڕەوشەکانی شۆڕدنەوەی مێشک

کاتێک کە مرۆڤ بۆ ماوەیەک ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سەخت و دژوار دەبێتەوە، خانەکانی مێشک دوچار بە شێوەیەک لە ئیفلیجی دەبنەوە و توانای بەرگریان نامێنێت و ئەستەم دەبێت کە بتوانێت ئەو خووانە بپارێزێت کە پێشتر لە یادەوەری جەستەدا هەڵگیراوە، دواجار بۆ کۆتاییهێنان بەو حاڵنە خۆی دەدات بەدەستەوە و ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی جیهانبینییەکی نوێ، ئەوەی لە خوارەوە دێت ئەو ڕەوشانەیە کە بەکاردێت بۆ شۆڕدنەوەی مێشک:

١. دابڕانی تاک لە ژیانی گشتی: تاک دەخرێتە ناو زیندان یا سەربازگەیەکەوە بەدور لە کەسی نزیک، سەرچاوەکانی زانیاری، وێنەکانی ژیانی پێشو و شتە تایبەتەکانی. ڕێگری دەکرێت لەوەی کە هیچ هەواڵێکی پێبگات لە خێزان و جیهانی دەرەوە، تا وا لە کەسەکە بکرێت لەوە بگات تەنهایە لەم جیهانە و هیچ کەسێک لە نزیکی نییە کە لەم کێشەیەدا هاوکاری بکات. دوای دروستکردنی گوشاری جەستەیی و دەرونی لەسەر کەسەکە هێدی هێدی لە ڕووی دەروونییەوە تێکدەشکێنرێت و حاڵەتێک لە نائارامی و نیگەرانی بەسەریدا زاڵ دەبێت، لێرەدا زەینی ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی هەر پەیامێک کە پێی بدرێت. ڕەوشێکی باویش هەیە کە لەگەڵ زیندانییە سیاسیەکاندا بەکاردەهێنرێت ئەویش ئەوەیە بە زیندانییەکە دەوترێت ئیدی وڵاتەکەی، کەسوکاری و خۆشەویستەکانی دەستبەرداری بوون و کەس پشتیوانی لێ ناکات.

٢. گوشاری جەستەیی: کەسەکە بێبەش دەکرێت لە خواردن، خەو تا کەسەکە تێک بشکێنرێت و ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی پەیام. لەڕاستیدا برسیکردن ڕۆڵێکی زۆر دەگێڕێت لە شۆڕدنەوەی مێشکدا، لەبەر ئەوەی لە برسیکردندا کێشەکە تەنها پەیوەندی بەپڕکردنی گەدەوە نییە، بەڵکو خانەکانی جەستە بۆ نوێبونەوەی خۆیان پێویستیان بەخواردنی دروست هەیە. مانەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ خەو وا لە مرۆڤ دەکات کە کەمتر هەست بە دەوروبەرەکەی خۆی بکات و زیاتریش ئامادەبێت بۆ چاندنی بیرۆکە.

٣. شکاندنی کەسایەتیی: تۆ ئەوە نیت کە پێتوایە، تۆ گوناهباریت، تۆ قبوڵی بکە کە خراپیت، تەواوی کەسانی نزیک، خانەوادەشت بە هەمان شێوە گوناهبارن. دواجار هاندان بۆ کردنی پرسیاری: من کێم، من لە کوێم و من ئەبێت چی بکەم.

٤. ئەگەری ڕزگاربوون: من دەتوانم هاوکاریت بکەم، لەم قۆناغەدا کەمێک نەرمی دەنوێنرێت بەرامبەر بە زیندانی. پێی دەوترێت تۆ دەتوانی یارمەتی خۆت بدەیت و ئەویش هەوڵدەدات ئەو نەرمییەی کە بەرامبەری نوێنراوە قەرەبو بکاتەوە. پێی دەوترێت لەبەر ئەو بۆچونە کۆنانەیە کە تۆ ئازار دەچێژیت.

**داعش کاری لەسەر دروستکردنی نەوەیەکی نوێ لە چەکدارەکانی کردووە، کە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوو بن بە سەرچاوەی مرۆیی ئەو ڕێکخراوە.**

٥. دوبارە دروستکردنەوە، ئەگەر بنەوێت دەتوانیت باش هەڵبژێریت: بیروباوەڕی نوێ وەک ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون. بیروباوەڕی نوێ ئاساییە و وەک بیروباوەڕی پێشو نابێتە مایەی دروستکردنی گوشار لەسەرت. تۆ باشترین هەڵدەبژێریت. فەراهەمکردنی مەراسیمێک

بـۆ دووبارە لەدایکبونـەوەی کەسـەکە بـە بیروبـاوەڕی نوێـوە، هـاوکات لەگـەڵ پەیمانـدان لەسـەر تۆڕدانـی بیروبـاوەڕە کۆنـەکان و قبوڵکردنـی بیروبـاوەڕە نوێکان.
٦. ئەزمونـی مـەرگ: گوشـار دەخەنـە سـەر کەسـەکە تـا ئەوکاتـەی خەریکـە گیـان لەدەسـت دەدات، دواتـر ڕزگار دەکرێـت، دواتر دووبارە گوشار دەخەنەوە سەر کەسـەکە تـا مـردن بـە چـاوی خـۆت دەبینیـت، کاتێـک کـە هەسـت دەکـەن کـە خەریکـە گیـان لەدەسـتدەدات، دووبـارە ڕزگاری دەکەنـەوە، دوای ئـەوەش کـە چەنـد جارێکـی دیکـە ئـەو پڕۆسـەیە دووبـارە دەکەنـەوە، ئەوکاتـە ئیتـر تـۆ هەسـت دەکەیـت کـە قەرزاریانیـت چونکە گیانیان ڕزگار کردوویـت و ئەوە لەیاد دەکەیـت کـە ئـەوە هـەر ئـەوان بـوون کـە ویسـتیان بنکـوژن(٨).
٧. وانـەی بەکۆمـەڵ: ڕۆژانـە و بەشـێوەی بەکۆمـەڵ وانە دەوترێنـەوە و داوا لـە بەشـداربووان دەکرێـت کـە بەشـداری بکـەن لـە وانەوتنەوەکـە و پرسـیار بکـەن تـا دەربیخـەن کـە لـە وانەکـە تێگەیشـتون. هەروەهـا لـە لایـەن کارمەندانـی زینـدان و سـەربازگەکانەوە گوشـار دەخرێنـە سـەریان تـا ڕەخنـەی لـە خۆیان و ڕابوردووی خۆیـان بگـرن.

**پڕۆسەی شۆردنەوەی مێشك و ڕێكخراوە توندڕەوەكان**

بـە درێژایـی مێـژوو تـەواوی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان پەنایـان بردۆتـە بـەر شـۆردنەوەی مێشـک بـۆ بەسـەربازگرتنی زۆرتریـن ژمـارە لـە کەسـی ئاسـایی و بەکارهێنانیـان لـە پێنـاو بەرژەوەندییـە تایبەتەکانـی خۆیانـدا(٩).

ڕێگـەی گروپـە ئیسـلامییە توندڕەوەکان بـۆ شـۆردنەوەی مێشـک پێکدێـت لـە چەنـد ڕەوشـێک لەوانـە قەدەغەکردنـی بیرکردنـەوەی ڕەخنەییانـە، هەڕەشـەلێکردن بـە سـزای ئـەو دنیـا، بەڵێنـی وەهمـی کـە ئیسـلام تـەواوی گرفتەکانمـان چارەسـەر دەکات، ئاراسـتەکردنی بیرکردنـەوە بـۆ ئـەو دنیـا لەبـری ئەنجامدانـی کارێکـی باشـە لـەم دنیـا، زیاترکردنـی چەپاندنـی حـەزە سێکسـییەکان و بەڵێنـی بەدیهاتنـی لـەو دنیـا(١٠).

ڕێکخـراوی ئەلقاعیـدە لـە ڕێگـەی ماندوکـردن و شـەکەتکردنی جەسـتە و دەرونـی ئەندامەکانـی بەهـۆی کەمخـەوی و مەشـقی سـەختەوە، مێشـکی کەسـە دەبانـە دۆخێکـەوە کـە کەسـەکە ئامادە دەبێـت بـۆ پەیام وەرگرتـن(١١)، لـە دەروونزانیـدا بەمـە دەوترێـت دۆخـی ئەلفا، لـەم دۆخـەدا ئاگایـی کەسـە بـەرەو سسـت بـون دەچێـت و لـە بەرامبـەردا نائاگایـی کەسـەکە چـالاک دەبێـت و ئەمـەش دەرفـەت دەڕەخسـێنێت بـۆ چاندنـی بیرۆکـەی نـوێ لەنـاو مێشـکی کەسـەکە. دۆخـی ئەلفا لـە دوو حاڵەتـدا دروسـت دەبێـت: یەکـەم لـە کاتـی خاوبونـەوەی جەسـتە و مێشـک یاخـود شـەتەککردنی زەیـن و جەسـتە زیـاد لـە پێویسـت(١٢).

ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان، لـە هـەر کردەوەیەکـی خۆکوژیـدا هەوڵـدەدەن ئـەو کارە بێنـە پاڵنـەر بـۆ بەسـەربازگیراوە نوێـکان بـۆ دووبارەکردنـەوەی ئـەو کردەوەیـە، لـە هەمـان کاتـدا پاسـاو دەهێننـەوە بـۆ کوشـتنی هاووڵاتییـە سـڤیلەکان و بـرا موسـوڵمانەکانیان لە هێرشـەکاندا و دواتـر کار لەسـەر نەهێشـتنی بەربەسـتی دەروونـی دەکـەن لەبـەردەم کوشـتنی هاووڵاتیـان لـە هێرشـە خۆکوژییەکانـدا. لەوێنـە ڤیدیۆییەکانـدا دەردەکەوێـت کـە کەسـە خۆکـوژەکان خۆشـحاڵ دەردەکـەون و بەزەردەخەنـەوە ماڵئاوایـی دەکـەن و بـەرەو ئۆتۆمبێلـە بۆمبڕێژکراوەکانیان هەنگاو دەنێـن، ئـەو بیرۆکەیـە بەرجەسـتەدەکەن کـە ئـەوان خۆشـحاڵن لـە بەقوربانیکردنـی خۆیـان و دڵنیـان لـەو چاکەیـەی کـە لـەو دنیا بەدەسـتی دەهێنـن لـە بەهەشـت دا(١٣).
بـۆ پاسـاوهێنانەوەش بـۆ کـردەوە خۆکوژییـەکان هەندێـک هەنـگاو دەنرێـت، لەوانـە:
١. چەوسـاندنەوە و زەلیلکردنـی موسـوڵمانان نمایش دەکرێـت وەک ئـەوەی کـە ئەمـە پیلانێکـی خاچپەرستە ڕۆژئاواییـەکان بێـت لـە دژی موسـوڵمانان(١٤).
٢. دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان نیشـان دەدرێـت وەک ئـەوەی نۆکـەری ڕۆژئاواییـەکان بـن و بەرژەوەنـدی هاوبـەش هەبێـت لـە نێوانیانـدا، سـەرباری نمایشـکردنی ئـەوەی کـە ئـەوان سـەرکردەی ڕاسـتەقینەی جیهانـی ئیسـلامی نیـن(١٥).

٣. حەتمییەتی سەرکەوتنی موسوڵمانان لەبەرئەوەی پاڵەوانەکانیان (خۆکوژەکان) ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشن لە پێناو ڕزگارکردنی موسوڵمانانداا(١٦).

## جوڵانەوەی ئیخوان موسلمین و شۆردنەوەی مێشك

جوڵانەوەی ئیخوان موسلمین یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە بۆ یەکەمین جار بیر لە کردنەوەی بەشێک دەکاتەوە بۆ چاندنی بیری جوڵانەوەکە لەناو مێشکی ئەو کەسانەی کە بەئامانجدەگیرێن بەمەبەستی شۆردنەوەی مێشکیان و مسۆگەرکردنی ئەوەی کە کەسە بەئامانجگیراوەکە لە بنەماکانی کاری جوڵانەوەکە دەرنەچێت، ئەو کەسەی ئەم چەمکەی چەسپاند، (حەسەن بەننا) دامەزرێنەری جوڵانەوەکە بوو لە نامەیەکدا کە لەدوای خۆی بۆ جوڵانەوەکەی بەجێهێشت تا وەک پەیڕەوی ناوخۆی کاری لەسەر بکرێت. بەننا توانی گروپێک دروست بکات کە کاریان بەسەربازگرتنی ئەندامانی نوێی گروپەکە بوو لە ڕێگەی گۆڕینی ئەو چەمکانەی کە ئەندامە نوێکان هەڵگری بوون بەو چەمکانەی کە گروپەکە باوەڕی پێی بوو. لە دوای کوژرانی بەننا و گرتنی ئەندامانی جوڵانەوەکە، چالاکی ئەو بەشە وەستا، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە، دووبارە جوڵانەوەکە چالاکییەکانی دەست پێکردەوە و بەشێکی پەروەردەیی کردەوە بە ناوی (الاسر) کە ئامانج لێی دروستکردنی شۆردنەوەی مێشکی ئەو کەسانە بوو کە تازە پەیوەست دەبوون بە جوڵانەوەکەوە(١٧).

لە قۆناغی یەکەمدا کەسە تازە پەیوەست بووەکە لە ڕووی ئاینییەوە ئامادەدەکرا لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئیخوانی دەقە ئاینییەکان. لە قۆناغی دووەمدا وایان لە کەسەکە دەگەیاند کە ئەو لاوازترە لەوەی کە بە تەنها بڕیار بدات، بۆیە بۆ هەر بڕیارێک پێویستە بگەڕێتەوە بۆ جوڵانەوەکە، لە قۆناغی سێیەمیشدا کە دوا قۆناغ بوو، کەسەکە بە شێوەیەکی کوێرانە دەبێت پەیڕەوی لە جوڵانەوەکە بکات و بە هەر ئەرکێک هەستێت کە پێی دەسپێردرێت.(١٨)

## ڕێکخراوای داعش و پەرەدان بەپڕۆسەکانی شۆردنەوەی مێشك

ڕێکخراوی داعش پەیوەست بوو بە پڕۆسەی شۆردنەوەی مێشکی ئەندامەکانی خۆی، بەتایبەت ئەوانەی کە تازە پەیوەست ببوون بە ڕێکخراوەکەوە. زۆرێک لەوانەی کە لەدەست ڕێکخراوەکە ڕزگاریان بووە دەگێڕنەوە و دەڵێن سەرەتا دوای ئەوەی کە پەیوەندی هاوڕێیەتی دروست کراوە لەگەڵیان، وایان لێکراوە کە گومان بکەن لەتەواوی شتەکانی دەوروبەریان، چ لە ناو خێزانەکانیان یاخود زانکۆ یا کۆمەڵگاکانیان(١٩). داعش بەدوای نێچیرەکانیدا دەگەڕێت لە تەمەنێکی کەمەوە تا بە ئاسانی بتوانێت زاڵبێت بەسەریاندا، هەروەها بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە بەدوای شوناسێکی نوێدا دەگەڕێن یا کەسانێکن کە دەیانەوێت ژیانیان بگۆڕن. کۆمەڵەکانی شۆردنەوەی مێشک و ئامادەکردنی دەروونی، بە گرنگترین بەشەکانی ڕێکخرواەکە دادەنرێت. گروپە توندڕەوەکان هاوشێوەی ڕێکخراوی داعش لە ڕێگەی پڕۆسەکانی شۆردنەوەی مێشک کاردەکەنە سەر مێشکی کەسە بەئامانجگیراوەکان بە تایبەت لەلای توێژە پەراوێزخراوەکان، ئەمەش لە ڕێگەی سنووردارکردنی ئەو زانیارییانەی کە پێیان دەگات، دروستکردنی ناسنامەی نوێ، قۆستنەوەی هەلی بیرنەکردنەوە یاخود تەمەڵی لە بیرکردنەوەی لەلای هەندێک کەس و پێدانی وەڵامی ئامادە بۆیان(٢٠).

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش کاری لەسەر دروستکردنی نەوەیەکی نوێ لە چەکدارەکانی کردووە، کە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوو ببن بە سەرچاوەی مرۆیی ئەو ڕێکخراوە. ئەو نەوەیەش ئەو منداڵانەن کە لە تەمەنێکی کەمەوە مەشقیان پێ دەکرێت، بۆیە جگە لە دنیای داعش شتێکی دیکە نابینن، بۆچوونێکیان نابێت لە سەر جیهانێک بەدەر لەو جیهانەی کە ئێستا تیایدا دەژین. لەبەر ئەوەش کە ڕۆژانە لەگەڵ توندوتیژی، دیمەنەکانی سەربڕین سەروکاریان هەیە، دواجار لەگەڵ ئەو

ژیانە ڕادێن و دەبێت بە بەشێک لە کەسایەتیان و ئیدی هیچ هەوڵێک نادەن تا لەو ژیانە بێنە دەرەوە(٢١).

بێگومان پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک تا لە تەمەنی کەمترەوە بێت ئاسانتر بەڕێوە دەچێت، هەربۆیە ڕێکخراوی داعش لە کاتی دامەزراندنی خیلافەتەکەیدا کاری لەسەر بەسەربازگرتن و فڕاندنی منداڵ دەکرد، بە شێوەیەک کە بە پێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی داعش لە موسڵ لە نێوان ٨٠٠ بۆ ٩٠٠ منداڵی فڕاندووە بە مەبەستی بەشدارپێکردنیان لە مەشقی سەربازی و پەروەردەکردنیان لەسەر بیروباوەڕێکی تایبەت(٢٢).

## خۆکوژەکان

یەکەمین خۆکوژ لە مێژوودا، شەمشونی جولەکە بوو، ئەو پەرستگایەی کە تیایدا زیندانی بوو، بەسەر خۆی و دوژمنەکانیدا ڕوخاندی و هەم خۆی و هەم دوژمنەکانیشی تیادا لەناو برد، دواتر بوو بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی لەلای جولەکەکان(٢٣). لەسەردەمی نوێشدا، یەکەمین کاری خۆکوژی بەورەکانی تامیل ئەنجامیاندا کە هەڵگری بیری چەپی مارکسیستی بوون.

هۆکار و پاڵنەرەکانی کەسی خۆکوژ، زانینی ئەوەی کە چ شتێک هەیە وا لە کەسێک دەکات بەویستی خۆی کارێکی خۆکوژی ئەنجام بدات و جگە لە گیانی خۆی، کەسانی بێتاوانی دیکەش بکاتە قوربانی، هەمیشە یەکێک بووە لە پرسیارە سەرەکییەکانی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بارەوە ئەنجامدراون، سەرجەم شرۆڤەکاران کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەسەربازگیراوەکان سەرەتا بەقۆناغی دابڕاندنی تەواوەتیدا تێدەپەڕن بەمانای دابڕاندن لە دەوروبەر بە گشتی و کەسە نزیکەکانیان بە تایبەتی، دواتر کار دەکرێت لەسەر چاندنی ئەو بیرۆکانەی کە گروپ یا ڕێکخراوەکە مەبەستێتی، بۆ نموونە لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی ڕێکخراوی داعش بیرۆکەی (کولتوری مەرگدۆستی) لە کەسەکەدا دەچێنرێت لە پێناو گەیشتن بەئامانجێکی باڵاتر، کەسی خۆکوژ بەرلەوەی بەویستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی و ژیانی چەندین کەسی دیکە بهێنێت، بە چەندین وێستگەدا تێدەپەڕێت تا دواجار دەگاتە ئەو قۆناغەی کە تیایدا کەسەکە بەبێ دوودڵی و بە ویستی خۆی، کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت لە کارێکی خۆکوژیدا(٢٤).

لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆکوشتن لە ئیسلامدا بە گوناه دادەنرێت، بەڵام زۆرێک لە گروپە توندڕەوەکان بە شێوەیەک بانگەشە بۆ کاری خۆکوژی دەکەن وەک ئەوەی کە کەسی خۆکوژ دەبێتە شەهید، لەبەر ئەوەی خۆیان بە قوربانی دەکەن لە شەڕی کافرەکاندا.

گۆڕان بەرەو توندڕەوی پرۆسەیەکە پێی دەوترێت (پلەی ڕووەو تیرۆر)، ئەم پلەیە لە خوارەوە پان و لە سەرەوە باریک دەبێتەوە، بۆیە هەر هەنگاوێک کە کەسی تیرۆریست دەینێت بەرەو سەرەوە، هاتنە خوارەوەی ئەستەم تر دەکات. یەکەمین پرسیار کە لای کەسی تیرۆریستیش دروست دەبێت ئەوەیە: ئەو دەیەوێت جیهانێک دروست بکات کە تیایدا هەژارەکان سەردەکەون، ئەی چۆن ئەو دەبێت کەسی بێتاوان بکوژێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە؟ ئەو لە ڕاستیدا خۆی خەونی خۆی دەکوژێت. بۆ ئەوەش کە کەسی تیرۆریست لەو پرسە خۆی قوتار بکات باوەڕ بە خۆی دەهێنێت کە بۆ گەیشتن بە بەهەشت، پێویستە بەناو دۆزەخدا گوزەر بکات. خۆکوژەکان دەهێنرێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوان خەڵات دەکرێن بۆ ئەو کارەی کە دەیکەن و ئەو خەڵاتەش لەو ژیانەی کە تیایدا دەژین پڕ بایەختر و لە ژیانێکەوە دەیانگوازێتەوە بۆ ژیانێکی باشتر.

کەسی خۆکوژ سەرەتا هەست بەنامۆبوون دەکات و پێیوایە بۆتە قوربانی یاخود بە قوربانیکراوە و پێیوایە هەڵوێست و تاوانەکانی کەسی بەرپرس یاخود دوژمن، پاساون بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی، هەروەها کەسی تیرۆریست پێیوایە کە گروپ یاخود کۆمەڵەکەی، زۆر تایبەتە و ئەگەری لەناوچوونی هەیە، ئەو گروپەش لەبەرئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە

توانای نییە، بۆیە پاساوی هەیە کە کاری توندوتیژی ئەنجامبدات(٢٥). بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە زۆرینەی تیرۆریستەکان پێشینەیەکی تاوانکارییان هەیە، بەو مانایەی کە سەردەمانێک تاوانبار بوون و کاری تاوانکارییان ئەنجام داوە. ترس لە مردن رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی رەفتاری کەسە تیرۆریست و خۆکوژەکان، ترس لە مردن و ترس لەوەی کە لە دوای مردنیان هیچ شتێکیان لێبەجێنامێنێت، پاڵیان پێوەدەنێت کارێکی خۆکوژی ئەنجام بدەن تا بتوانن بەو کارە جیاوازییەک دروست بکەن لە ژیانیاندا. زۆر جاریش کوژرانی کەسێکی نزیک، وەرچەرخانێکی گەورە و خێرا لە کەسایەتی کەسی دیاریکراودا دروستدەکات و پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی تیرۆریستی، خۆکوژ لە پرۆسەی خۆکوژیدا، رۆڵێکی ئەوتۆ ناگێرێت لە گواستنەوەی بۆ شوێنی ئەنجامدانی پرۆسە، بەڵکو زۆر پیشەگەرانە کەسێک یاخود چەند کەسێک بەر لەو دەچن شوێنی مانەوەی بۆ ئامادە دەکەن و تەواوی بەربەستەکانی سەر رێگەی لادەبەن و ئاسانکاری بۆ دەکەن تا پرۆسەکە ئەنجامبدات.

ئەگەر چی پاڵنەرەکانی کاری خۆکوژی زۆرن و مەرجیش نییە هەمیشە کەسەکە باکراوندێکی ئیسلامی توندڕەوی هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت پاڵنەرەکان لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت بکەینەوە:

١. هەست بەنامۆبوون، هەست بەقوربانیبوون، باوەڕهێنان بەوەی کە کردەوەکانی دوژمن هێندە نائاکارانەیە کە پاساو دەهێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەوپەڕی توندوتیژی لە بەرامبەری(٢٦).

٢. کەسی دیاریکراو باوەڕدەهێنێت بەوەی کە نەتەوە و ئایین و رەگەزەکەی لەبەر مەترسی سڕینەوە و لەناوچووندایە، بۆیە ناچارە کە پەنا بەرێتە بەر توندوتیژی(٢٧).

٣. ترس لەوەی کە لەدوای خۆیان شتێک بەجێنەهێڵن «خۆتەقاندنەوە وەک دروستکردنی جیاوازی»..

## دەرەنجام

١. شۆردنەوەی مێشک بە یەکێک لەو پرۆسانە ئەژمار دەکرێت کە لێکدانەوەی زۆری لەبارەوە کراوە و بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕین و ئاراستەکردنی بیر و تێکشکاندنی ویست و دواجار سڕینەوە و شۆردنەوەی مێشک و جێگیرکردنی بیروباوەڕێکی نوێی لە کەسەکاندا.

٢. کاتێک کە مرۆڤ بۆ ماوەیەک رووبەڕووی هەلومەرجێکی سەخت و دژوار دەبێتەوە، خانەکانی مێشک دوچار بە شێوەیەک لە ئیفلیجی دەبنەوە توانای بەرگریان نامێنێت، ئەستەم دەبێت کە بتوانێت ئەو خووانە بپارێزێت کە پێشتر لە یادەوەرییدا هەڵگری گرتووە و دواجار بۆ کۆتاییهێنان بەو حاڵەتە، خۆی دەدات بەدەستەوە و ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی جیهانبینییەکی نوێ.

٣. دەسەڵاتە ستەمکارەکان بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتیان پەنایان بردۆتە بەر پرۆسەکانی شۆردنەوەی مێشک و زیندانەکانیش باشترین شوێن بۆ تێکشکاندنی ویستی نەیارەکان.

٤. بەدرێژایی مێژوو، تەواوی رێکخراوە توندڕەوەکان پەنایان بردۆتە بەر پرۆسەکانی شۆردنەوەی مێشک بۆ بەسەربازگرتنی زۆرترین ژمارە لە کەسی ئاسایی و بەکارهێنانیان لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیاندا.

٥. رێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی رێکخراوی داعش، لە رێگەی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکەوە، بیرۆکەی (مەرگدۆستی) لە مێشکی بەسەربازگیراوەکانیدا دەچێنێت تا ئاسانتر بتوانن بڕیاری کۆتاییهێنان بەژیانی خۆیان و کەسانی دیکە بدەن.

## سەرچاوەکان


١. غسل الدماغ، لدى الاصوليين والارهابيين.
٤٢١٧/https://www.jablah.net/node

٢. محمد عبد العظيم: غسل الدماغ عند الجماعات المتطرفة ـ الأسس العلمية.
https://www.europarabct.
A%D٨%-٨٤%D٩%B٣%BA%D٨%com/%D٨
%D٨%A٧%D٨%٨٥%AF%D٩%D٨%٨٤%D٩%٧
%A٧%AF-%D٨%D٨%٨٦%D٩%B٩%BA-%D٨
%B٩%D٨%A٧%D٨%٨٥%AC%D٩%D٨%٨٤%D٩
٨-%D٩%٨٤%D٩%A٧%AA-%D٨%D٨%A٧%D٨
-٨٠%D٩%-A٩%D٨%٨١%D٩%B١%D٨%B٧%AA%D٨%D٨%٥
٨٤%D٩%A٧%D٨%

٣. ماهي التقنيات التي تستخدم لغسيل الدماغ ؟ وهل هذا ممكن ؟ https://ejaaba.
%A٧%٨A-%D٨%D٩%٨٧%D٩%A٧%D٨%٨٥%com/%D٩
%A٧%٨A%D٨%D٩%٨٦%D٩%٨٢%AA%D٩%D٨%٨٤%D٩
٨A-%D٨%AA%D٩%D٨%٨٤%D٩%A٧%AA-%D٨%D٨
-٨٥%AF%D٩%AE%D٨%AA%D٨%D٨%B٣%AA%D٨%
-٨٤%٨A%D٩%D٩%B٣%BA%D٨%D٨%٨٤%D٩%
BA-%D٨%A٧%D٨%٨٥%AF%D٩%D٨%٨٤%D٩%A٧%D٨%
-A٧%D٨%B٠%D٨%٨٧%D٩%-٨٤%D٩%٨٧%D٩%٨٨%%D٩
٨٦%D٩%٨٣%D٩%٨٥%D٩%٨٥%D٩%

٤. صلاح نصر: الحرب النفسيه..معركه الكلمه و المعتقد . الطبعة الاولى ١٣ سبتيمبر / ١٩٦٦. دار القاهرة للطباعة و النشر.

٥. جواد الديوان: غسيل الدماغ (الجماعات المتطرفة). https://www.ahewar.org/debat/show.art.
٤٢٧٥٧٣=asp? aid

٦. د. نبيل غالب: غسيل المخ ، كيف يغيب العقل و متى. دار الغيب للطباعة و النشر و التوزيع القاهرة.

٧. التطرف عبر الأنترنيت ـ غسل الأدمغة من اجل التجنيد . بقلم الكاتبة علا بياض.
%A٧%https://www.europarabct.com/%D٨
-٨١%D٩%B١%D٨%B٧%AA%D٨%D٨%٨٤%D٩
%D٨%٨٤%D٩%A٧%D٨%-B١%D٨%A٨%D٨%B٩%D٨%
%٨A%D٨%D٩%٨٦%D٩%B١%AA%D٨%D٨%٨٦%D٩%A٣
%A٧%D٨%-٨٤%D٩%B٣%BA%D٨%D٨%-٨٠%AA-%D٩
-A٩%BA%D٨%D٨%٨٥%AF%D٩%D٨%A٣%D٨%٨٤%D٩
/A٣%D٨%-٨٦%D٩%٨٥%D٩%

٨. محاربة التطرف ـ مفهوم غسل الدماغ و نشائه.
%D٨%٨٥%https://www.europarabct.com/%D٩
%D٨%-A٩%D٨%A٨%D٨%B١%D٨%A٧%AD%D٨
-٨١%D٩%B١%D٨%B٧%AA%D٨%D٨%٨٤%D٩%A٧
-٨٥%D٩%٨٨%D٩%٨٧%D٩%٨١%D٩%٨٥%D٩%-٨٠%D٩%
-%D٩%A٧%D٨%-٨٤%D٩%B٣%BA%D٨%D٨%
-٨٨%BA-%D٩%D٨%A٧%D٨%٨٥%AF%D٩%D٨%٨٤
/AA%D٨%A٣%D٨%B٤%D٨%٨٦%D٩%

٩. هل يحل هذا الثور لغز الإنتحاريين؟ https://www.almothaqaf.com/index.php? option=com_content
٥٨٠=Itemid& ١٦١=catid& ٧١٤٨١=& view=article& id

١٠. د. توفيق حميد: :صناعة عقل الإرهابي https://www.
٨%D٩%B٥%D٨%/٠٤/٠٩/٢٠١٧/alhurra.com/different-angle
-٨٤%D٩%٨٢%D٩%B٩%D٨%-A٩%D٨%B٩%D٨%A٧%D٨%٦
D%A٧%D٨%٨٧%D٩%B١%D٨%A٥%D٨%٨٤%D٩%A٧%D٨%
٨A%D٩%A٨%٨

١١. اماني عصمت: كيف تصنع متطرفا.. عمليات غسيل المخ من الإخوان الى داعش.
d٨%a٨%ae%d٨%d٨%a٣%net/%d٨. https://masr.masr٣٦٠
d%a٨%d٨%a٧%d٨%٨٧%d٩%b١%d٨%a٥%d٨%b١%d٨%a٧%
-b٩%d٨%٨٦%d٩%b٥%aa%d٨%d٨%-٨١%٨a%d٩%d٩%٨٣%٩
-%d٨%-٨١%d٩%b١%d٨%b٧%aa%d٨%d٨%٨٥%d٩%
aa-%d٨%a٧%٨a%d٨%d٩%٨٤%d٩%٨٥%d٩%b٩
-٨٤%٨a%d٩%d٩%b٣%ba%d٨%%d٨
-٨٦%d٩%٨٥%ae-%d٩%d٨%٨٥%d٩%٨٤%d٩%a٧%d٨%
/٨٤%d٩%a٧%d٨%

١٢. هاني نسيرة: السلوك الإرهابي : التنشئة الاجتماعية والنشوهات الفكرية
١٨٨٢/http://www.alhiwartoday.net/node

١٣. هنري يحلل سيكولوجية الإرهابيين وسبب انضمام الشباب الى الجماعات الإرهابية.
٢٤٤٨/https://www.aucegypt.edu/index.php/ar/node

١٤. تکنیک‌هـای مغزشـویی داعـش روی کـودکان بـه روش نازی‌هـا
٥٤٥٥/https://www.mashreghnews.ir/news
٨C٪DA٪DB٪٨٦٪D٩٪AA٪DA٪A٩٪D٨٪/٣١
D٪٨٥٪٨C-٪D٩٪DB٪AV٪D٨٪٨V٪D٩٪-٪A٩
٨C٪D٪DB٪٨٨٪D٩٪B٤٪D٨٪B٢٪BA٪D٨٪٨
-B٤٪D٨٪B٩٪D٨٪AV٪AF٪D٨٪٨C-٪D٨٪B
D٩٪٨C-٪DA٪A٩٪DB٪٨٨٪D٩٪B١٪D٨٪
-٨٦٪D٩٪AV٪D٨٪AF٪DA٪A٩٪D٨٪٨٨٪
-B٤٪D٨٪٨٨٪D٩٪B١٪D٨٪-٨V٪D٩٪A٨٪D٨٪
-AV٪D٨٪٨V٪٨C-٪D٩٪DB٪B٢٪D٨٪AV٪D٨٪٨٦٪D٩٪
B٣٪D٨٪DA٪A٩٪B٩٪D٨٪
١٥. الصعـود للمـوت هـو نهايـة الاضطـراب العقلـي لـدى الإرهابي.
D٪٨١٠٠٨٧٩٧/https://www.alyaum.com/articles
AF-٪D٨٪AF٪D٨٪D٨٪B٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪٨
٪D٩٪A٨٪D٨٪B٣٪D٨٪AV٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪
B٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪٨A/٪D٨٪D٩٪B٩٪D٨٪٨٨
٨-٪D٩٪٨٤٪AF-٪D٩٪D٨٪٨٨٪D٩٪B٩٪D٨٪٥
-٨٨٪D٩٪٨V٪AA-٪D٩٪D٨٪٨٨٪D٩٪٨٥٪D٩٪٤
-A٩٪٨A٪D٨٪D٩٪AV٪D٨٪٨V٪D٩٪٨٦٪D٩٪
٪B٦ ٪D٨ ٪AV ٪D٨ ٪٨٤ ٪D٩ ٪AV ٪D٨ ٪
-A٨ ٪D٨ ٪AV ٪D٨ ٪B١ ٪D٨ ٪BV ٪D٨
٨A-٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٢٪D٩٪B٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
٪A٥٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪-٨٩٪AF٪D٩٪D٨٪٨٤٪٪D٩
٨A٪D٩٪A٨٪D٨٪AV٪D٨٪٨V٪D٩٪B١٪D٨
١٦. خطـوات «غسـيل المـخ» لانضمـام الانتحـاري فـى صفـوف المبشـرين بـ«جنـة الوهـم»
٨٥٨٥٤٥/http://www.soutalomma.com/Article
AA-٪D٨٪AV٪D٨٪٨٨٪D٩٪BV٪AE٪D٨٪D٨٪/
-٨٤٪٨A٪D٩٪D٩٪B٣٪BA٪D٨٪AB٪D٨٪٪C٢
٨٤٪BB-٪D٩٪AE٪C٢٪D٨٪٨٥٪D٩٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
-٨٥٪D٩٪AV٪D٨٪٨٥٪D٩٪B٦٪D٨٪٨٦٪D٩٪AV٪D٨٪
٪AA٪D٨٪D٨٪٨٦٪D٩٪AV٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
-٨٩٪D٩٪٨١٪٨A-٪D٩٪D٩٪B١٪D٨٪AV٪AD٪D٨
٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪-٨١٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨١٪D٩٪B٥٪D٨٪
-٨٦٪٨A٪D٩٪D٩٪B١٪D٨٪B٤٪D٨٪A٨٪D٨٪٨٥٪D٩
-A٩٪D٨٪٨٦٪AC٪D٩٪AB٪D٨٪C٢٪٨٠٪D٩٪A٨٪D٨٪
BB٪C٢٪٨٥٪D٩٪٨V٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
١٧. عـلاء رضـوان: عمليـة «معهـد الأورام» الإرهابيـة.. كيـف ينجـح الإرهـاب فـى اسـتقطاب بعـض الشـباب
٢٠/com/story .https://www.youm٧
AF- ٪D٨ ٪B٩ ٪D٨ ٪A٨ ٪D٨ ٪/٨/٨/٩
-A٩٪٨A٪D٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٩٪B٩٪٪D٨
D٪AV٪AF-٪D٨٪D٨٪٨V٪D٩٪B٩٪D٨٪٨٥٪D٩٪
-٨٥٪D٩٪AV٪D٨٪B١٪D٨٪٨٨٪D٩٪A٣٪D٨٪٨٤٪٩
٪AV٪D٨٪٨V٪D٩٪B١٪D٨٪A٥٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
-٨١٪٨A٪D٩٪D٩٪٨٣٪D٩٪-A٩٪٨A٪D٨٪D٩٪A٨٪D٨
D٪AV٪AD-٪D٨٪AC٪D٨٪D٨٪٨٦٪٨A٪D٩٪D٩٪
-A٨٪D٨٪AV٪D٨٪٨V٪D٩٪B١٪D٨٪A٥٪D٨٪٨٤٪٩
٪٨٢٪AA٪D٩٪D٨٪B٣٪D٨٪AV٪D٨٪-٨٩٪D٩٪٨١٪D٩٪
٤٣٦٦٩٦٤/A٨٪D٨٪AV٪D٨٪BV٪D٨
١٨. تجنيد الانتحاريين.. سلب العقول فسلب الأرواح
https://www.skynewsarabia.
-٨١٩٠١٧ /com/middle-east
AF-٪٨A٪D٨٪D٩٪٨٦٪AC٪D٩٪AA٪D٨٪D٨٪
A٪D٨٪٨٦٪D٩٪AV٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪٪D٨
٨A٪D٩٪D٩٪B١٪D٨٪AV٪AD٪D٨٪A٪D٨
-A٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪B٣٪D٨٪-٨٦٪٨A٪D٩٪
-٨٤٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٢٪D٩٪B٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
D٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪-A٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪B٣٪D٨٪٨١٪D٩٪
AD٪D٨٪AV٪D٨٪٨٨٪D٩٪B١٪D٨٪٩٤٪D٩٪AV٪٨
١٩. دکتـر مجتبـی لشـکربلوکی: چگونـه شستشـوی مغـزی مـی شـویم؟
DA٪/٦٠٥٦٠٠/https://www.asriran.com/fa/news
B٪D٨٪-٨V٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٨٪DA٪AF٪D٩٪٨٦٪
٨C-٪DB٪٨٨٪D٩٪B٤٪AA٪D٨٪D٨٪B٣٪D٨٪٤
٨C-٪DB٪٨٥٪٨C-٪D٩٪DB٪B٢٪BA٪D٨٪D٨٪٨٥٪٪D٩
٨٥٪٨C٪D٩٪DB٪٨٨٪D٩٪B٤٪٪D٨
٢٠. نحوه تشخیص و جلوگیری از شستشوی مغزی
https://iliadmag.com/fa/magazine/howto/
-٨V٪D٩٪٨٨٪AD٪D٩٪D٨٪٨٦٪D٩٪-٨١٦٠/p

-B٥٪٨C٪D٨٪AE٪DB٪D٨٪B٤٪AA٪D٨٪D٨٪
DA٪AF٪٪٨٨٪D٩٪٨٤٪AC٪D٩٪D٨٪-٨٨٪D٩٪
-B٢٪D٨٪AV٪٨C-٪D٨٪DB٪B١٪٨C٪D٨٪DB
٨C-٪DB٪٨٨٪D٩٪B٤٪AA٪D٨٪D٨٪B٣٪D٨٪B٤٪D٨٪
٨C٪DB٪B٢٪BA٪D٨٪D٨٪٨٥٪٪D٩

٢١. داعش چگونه كودكان انتحارى تربيت مى‌كرد؟
٠٨١٣٩٦/https://www.tasnimnews.com/fa/news
-B٤٪D٨٪B٩٪D٨٪AV٪AF٪D٨٪D٨٪١٥٧٢٢٣٥/٢٢
-٨٧٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٨٪DA٪AF٪D٩٪٨٦٪DA٪
AV٪D٨٪AF٪DA٪A٩٪D٨٪٨٨٪D٩٪DA٪A٩٪
-٪AD٪D٨٪AA٪D٨٪D٨٪٨٦٪D٩٪AV٪D٨٪-٨٦٪D٩٪
٨C- ٪DB ٪B١ ٪D٨ ٪AV
AA-٪٨C٪D٨٪DB٪AA٪D٨٪B١٪AA٪D٨٪٪D٨
AF-٪D٨٪B١٪D٨٪٨C-٪DA٪A٩٪DB٪٨٥٪٪D٩
-٨٨ ٪D٩ ٪-B٣ ٪D٨ ٪DA٪A٩ ٪B٩ ٪٪D٨
٨٥٪D٩٪٨٤٪٨C٪D٩٪DB٪٨١٪D٩٪

٢٢. كنكاشى در ماهيت فرقه ها
٪٨٦٪D٩٪DA٪A٩٪/٢١٤/http://advtngo.org/resolutions
-B١٪AF٪D٨٪٨C-٪D٨٪DB٪B٤٪D٨٪AV٪D٨٪DA٪A٩
AA-٪٨C٪D٨٪DB٪٨٧٪D٩٪AV٪D٨٪٨٥٪D٩٪
AV٪D٨٪٨٧٪D٩٪-٨٧٪D٩٪٨٢٪D٩٪B١٪D٨٪٨١٪٪D٩

٢٣. الأمير الدكتور فيصل بن محمد بن : غسيل الدماغ الإلكتروني من اخطر مراحل تجنيد الشباب للانضمام للتنظيمات الإرهابية
htm.ln٣٩/٢٠١٧٠٣١٧/٢٠١٧/https://www.al-jazirah.com

٢٤. اطفال «القاعدة» ينشرون الرعب في عائلاتهم وينفذون المهمات بحرفية الكبار
٪٨١٪D٩٪BV٪D٨٪A٣٪D٨٪١٥/٠٦/٢٠١٢/https://nirij.org
٪AV٪D٨٪٨٢٪D٩٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪-٨٤٪D٩٪AV٪D٨
B٤٪D٨٪٨٦٪٨A٪D٩٪D٩٪-A٩٪AF٪D٨٪D٨٪B٩٪D٨
-٪B١٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪-٨٦٪D٩٪٨٨٪D٩٪B١٪D٨٪
٪AV٪D٨٪B٩٪٨A-٪D٨٪D٩٪٨١٪D٩٪-A٨٪D٨٪B٩٪D٨
/٢-AV٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٦٪D٨

٢٥. ماذا نعرف عن التنويم الايحائيوالعلاج بالإيحاء
-AV٪D٨٪B٠٪D٨٪AV٪D٨٪٨٥٪https://edracat.net/٪D٩
-٨٦٪D٩٪B٩٪D٨٪-٨١٪D٩٪B١٪D٨٪B٩٪D٨٪٨٦٪D٩٪
٨A٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٦٪AA٪D٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪
AD٪٪٨A٪D٨٪D٩٪AV٪D٨٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪-٨٥٪٪D٩
D٪٨٤٪D٩٪AV٪D٨٪٨٨٪٨A-٪D٩٪D٩٪A٦٪D٨٪AV٪D٨
/AC٪D٨٪AV٪D٨٪٨٤٪D٩٪B٩٪٨

٢٦. خلود خريس تتحدث عن تجنيد الإطفال من قبل الجماعات الإرهابية
٢٣٠٣٦٤/https://www.ammonnews.net/article

٢٧. الساليب االقناعية لتنظيم داعش يف جتنيد االفراد )مقاربة علمية(
١٧٤d٢ea٨٠a٩١d٦a٢/https://www.iasj.net/iasj/download

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS